شاسوار عەبدولواحید: پارتی و یەکێتی گرفتیان دروست کرد بۆ پێکهێنانی بڕی ئێپێزسیۆن

شاسوار عەبدولواحید رایگەیاند، ئەگەر هەڵبژاردن سوودی نییە بۆچی پارتی و یەکێتی بە هەڕەشە ئەندامەکانی خۆیان دەبەن، دەشێت، پارتی و یەکێتی لە ڕێگای هەندێک لایەنەوە گرفتیان دروست کرد بۆ پێکهێنانی بڕی ئێپێزسیۆن.

ئەمڕۆ شەممە ٢٤ـی ئایاری ٢٠٢٥، شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی لێوەکرد، "بە محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراقم وت کە نەناردنی مووچە تەنها هاوڵاتیان و مووچەخۆران لێی زەرەرمەند دەبن، نەك پارتی و یەکێتی و ئەوان دەتوانن سزای کەمپانیاکانی پارتی بدەن نەك هاوڵاتیان".

وتیشی، ئەوەی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بە خەڵکی کوردستانیان کردووە، دوژمنانی کورد نەیانکردووە، نەخوندنمان خوندنە، نە زانکۆکانمان ئەو ئاستەی جارانیان هەیە و خەستەخانەکانیشیان داگیر کردووە و هەموویان کردووە بە کەرتی تایبەت، تەنانەت دەرمان لە بەغداوە دێت و لەناو نەخشخانە حکومییەکان دابەش ناکرێت، لە کۆگاکان دەیهێنەوە و دواتر بەسەردەچێت و فڕێی دەدەن.

باسی لێوەشکرد، پارتی و یەکێتی بە هەموو شیوەیەک خەڵک سارد دەکەنەوە لە دەنگدان ئەگینا ئەگەر

هەڵبژاردن سوودی نییە بۆچی پارتی و یەکێتی بە هەڕەشە ئەندامەکانی خۆیان دەبەن.